# 10 ساڵەی هاوڕێم محەمەد حەللاق



1995/11/2 ـ 1955

فـــەهـــد گـــردەوانـــی

**2005/11/2 ستۆکهۆڵم**

**لە کوردەواری خۆماندا، ئەگەر خاوەن مەڕوماڵ بەرخێکی بکەویتە گەرووی گورگ و بریندار بێت و پاشان بمری ، یا دەم و دەست گورگ ورگی بەرخەکە بدڕێنێت و لەناو مەڕان بمرێت ، ئەوا خاوەن مەڕ و ماڵات و هەموو وەرزێرەکانی تر لە پەنا مزگەوت و لە دیوەخانی ئاغا و لە سەر دەغران هەر ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشن ، لەناو گوند و لە گوندەکانی دەوروبەری گوندیش هەواڵ دەڕوا و خەڵکی بەگشتی لە حەژمەت گورگی هار و بریندار کردن و کوشتنی بەرخان غەمبار و کەساس دەبن ...لە منداڵی خۆمدا لە گوندەکەی خۆماندا ئا ئەمەم بینیووە ئەگەرچی باپیرم خاوەن هەزاران سەرمەڕ بووە ، کەچی بۆ تاقە کاوڕێک{بەرخێک} چەند کەساس و دڵگیری دەکەوتە سەر دەم و چاوی ...ئەی ئەگەر تۆ هاوڕێ و کەسێکی نزیکت لەدەست بدەیت برینەکانت چۆنە ... گەلۆ ئەمڕۆکە یادی 10 ساڵەی دوانزە 12 جوانە لاوی کوردستانە کە زۆر زۆر بە دڕندانە و ناجوامێرانە لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆکە دا رێکەوتی { 1995/11/2 } لە بازگەی { تۆبزاوە ـ کۆیە } شەهید کران ... شەهید بوونێک کە بە دەستی بەعس نا...بەدەستی جاش و سەرباز نا...بەدەستی عارەب ، تورک ، فارس نا...بە دەستی هاوخوێن و هاوزمان و هاو سەنگەر...دەک تف لە شەڕی براکوژی و ئەوەی ئەو ناوەشی دروستکرد هەر تفونەعلەتی لێبێت...نەفرەت لەتۆ ئەی چەکدار کە رووی لوولەی چەکەکەت لە براتە...رووت رەش بێت ئەی چەکدار ئەگەر دەستت دەڕوا لەسەر جیاوازی بیرورا براکەت بکوژی ...ئەو تاوانبارانەی ئەو قەسابخانەیان دروست کرد ئەگەر هەتا ئێستاش نەگیراون و دادگایی نەکراون نابێت هیچیتر بە ئازادی بسوڕێنەوە ، دەبێ دادگایی بکرێن ...چۆن دەستیان رۆیی دیل بکوژن دەبێ دادگایی بکرێن {دیل ناکوژرێت}...چۆن بەبێ دادگا توانیان هاوخوێن و هاوزمانیان بەبێ هۆ شەهید بکەن ، دەبێ لە بەرامبەر دادگا بووەستن و بە تاوانی خۆیان سزا بدرێن... حەمەی حەلاق ئەو پێشمەرگە ماندوونەناسە وازی لەژیانی بەختەوەری و خۆشی سوێد هێنا و لەسەرەتای ساڵی 1992 گەڕاوە کوردستان بۆ ئەوەی بەشداری بکات بۆ بەرەو پێشبردنی باری کوردستان ...دوژمن کە رژێمی بەعسی بوو هێشتا لە گردی پیرداود و لەسەر گردەکانی ئاسکی کەلەک بوون ، خۆشی و جوانی سوێدی گۆڕیەوە بە ژان وئازارەکانی خەڵکی هەژار و چەوساوەی کوردستان ، حەمەی حەلاق هەردەم لە تێکۆشاندا بوو لە پێناوی بەختەوەری مرۆڤایەتی ... چەکدارانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان حەمەی حەلاق و 11یانزە هاوڕێی بەبێ هۆ و بە دیلی قەتل و عام کرد ... ئەو لەکە رەشە هێشتا بە نێوچەوانی ئەو حیزبە ماوە ، ئەگەر چی رەنگە چەندین بڵاوکراوە و کۆبونەوەی هاوبەش و پارە و پوول و...هتد کەوتبێتە نێوان حیزبەکەی حەمەی حەلاق و یەکێتی نیشتمانی ، بەڵام بەرامبەر خەڵکی کوردستان بەگشتی و کەسوکار و دۆست و برادەرانی ئەو شەهیدانە بەتایبەتی هێشتا هیچ روون نەکراوەتەوە بۆچی ئەو کارەساتەیان دروست کرد ... بۆ ریسواکردنی تاوانباران هێشتاکە ئەو کەسانە دادگایی نەکراون و حوکمی خۆیان وەرنەگرتووە سزا نەدراون. پارە و پوول روحی حەمەی حەلاق و 11 هاوڕێیەکەی شاد ناکات...کۆستی ئایشەگوڵی شێرەژنی کوردستان دانامرکێنی ، ئەو شێرە ژنەی**

بەعسی هێنابووە هەژاند...بەسەربەرزی شاری حاجی قادر و تاهیر تۆفیق باوەشیان بۆی کردەوە و لە هەموو کوردستان خەڵک بە شانازیەوە بەشداریان کرد لە ناشتنی تەرمی پیرۆزی ئەو ژنە پاڵەوانە...نەمری و سەربەرزی بۆ کاکە حەمە و یازدە هاوڕێیەکەی . محەمەد حەڵلاق لە ساڵی 1955 لە دایک بووە...کە لە قوتابخانەی ئامادەیی بوو بیری چەبخوازی لە دەرونی گەشەی کرد و بووە هەڵۆی سووری رێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لە کۆیەی لانەی ئازادیخوازان ... شەشی ئامادەیی تەواو دەکا رژێمی فاشی بەعس لەبەر چالاکیەکانی راوەدووی دەکا و هەوەڵی گرتنی دەدا بۆیە ئەویش ناچار دەبێ کۆیە بەجێ دێڵی و روو لە شاخ دەکا ، ئەوە بوو لەساڵی 1981 چوو ناو ریزی پێشمەرگە ...لە ریکخراوەکانی لێژنەی محەلی{ناخۆی}هەولێری حیزبی شیوعی کاری کرد...ساڵی 1985 بووە بە سەرلقی کۆیەی هێزی پێشمەرگە...ساڵی 1987 بووە بە فەرماندەی بەتالیۆنی {31ی}هێزی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی عێراق...لەکاتی ئەنفاڵ هاوڕێ محەمەد حەڵلاق لەگەڵ هاوڕێیەکانی رۆڵێکی مەزن و دیاریان هەبوو لە روو بە روو بوونەوە لەگەڵ هێزەکانی رژێمی بەعسی وەلبوو..داستانەکانی ئەو پاڵەوانە نواندوویەتی شایەدی دەدەن لە ئازایی و چاونەترسی ئەو پێشمەرگە قارەمانە ، داستانی سماقولی ـ بنەوباوێ...داستانی کەلکەسماق و قازیبەگیان ... داستانی بۆسەکانی سەر جادەی هەولێر ـ کۆیە...هتد ... ساڵی 1989 بە بڕیاری حیزب رووی کردە دەرەوەی وڵات...لە سەرەتای ساڵی 1992 خۆی گەیاندەوە کوردستان و وەکو کادیرێکی چالاکی حیزبی و پێشمەرگایەتی کارەکانی لە هەولێر و لە ناوچەی کۆیە ئەنجامدا...هاوڕێ محەمەد حەڵلاق یەکێک بوو لەو دەستە هاوڕێیانەی کە رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە بزووتنەوەی شیوعیە کوردستانیەکان چ لەناو ریزی حیزبی شیوعیدا یا خود دوای ئەوەی وەک بزووتنەوەی سەربەخۆ ... هاوڕێ محەمەد یەکێک بوو لەو هاوڕێیانەی بەشداری یەکەم کۆبونەوەی شیوعیە کوردستانیەکانی کرد کە لە ماڵی من لە شاری ستۆکهۆڵم بەسترا...هاوڕێی تێکۆشەر رۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبوو لە بەستنی یەکەم کۆنگرەی شیوعییە کوردستانییەکان کە پاشان لە کۆنگرە ناوی بوو بە { پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان }، لەبەر زیرەکی و خۆشەویستی لای هاوڕێیان بە زۆربەی دەنگ بۆ سەرکردایەتی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان هەڵبژێردرا و پاشانیش بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ...دایکی محەمەد حەڵلاق ئەو مرۆڤە بەرزە {ئایشەگوڵ} لەلایەن رژێمی بەعسی فاشی شەهید کرا، دوای راپەڕین بە ئامادەبوونی خۆی تەرمی پیرۆزی لەرێو رەسمێکی شایەستەدا لە شاری حاجی قادر بەخاک سپێردرا...ئا ئەو مرۆڤە هەموو تەمەنی جوانی و خۆشی خۆی و خێزانەکەی کردە قوربانی گەل و نیشتمان ئا بەو شێوە درندەیەش شەهید کرا...نەفرەت و سەرشۆڕی بۆ بکوژانی ئەو دەستە تێکۆشەرە...

لە رێکەوتی 1996/11/2 نامیلکەکم ئامادەم کرد دەربارەی ئەو هاوڕێیانە بەناوی{ دوانزە سوارەی بناری هەیبەت سوڵتان (شەهید محەمەد حەڵلاق و هاوڕێیەکانی )}. هەرچی نووسین و بڵاوکراوە و نامەی نارەزایی و ژیاننامەی شەهیدان و بابەتەکانی محەمەد حەڵلاق لەخۆی گرتبوو ، پێشکەشی بنەماڵەی کاکە حەمەم کرد و ئەوانیش هەندێکیان لێزیاد کرد و بەناوی تراژیدیای شەهیدبوونی محەمەد حەلاق ساڵی 1999چاپیان کرد...بۆ ئەو کارەساتە شیعرێکی درێژم بەناوی {داستانی دوانزدە سوارەی بناری باواجی و دەشتی هاموون}نووسیوە ولە و نامیلکەیە لەلاپەڕە103-110بڵاوکراوەتەوە...

وا لێرە جارەکی تر ناوی شەهیدانی ئەو کارەساتە دەنووسمەوە...

1 / محەمەد حەڵلاق ............ 1955 - 1995/11/2

2/ ژینۆ سەر بەست ................ 1977/8/30 — 1995/11/2

3/ سەرهەد کەریم تەمر {سوورە}.... 1974 – 1995/11/2

4/ خالد صالح ......................... 1972 - 1995/11/2

5/ موصەدەق کەریم پیرداود......... 1972/7/1 – 1995/11/2

6/ مامە کەریم تەمر {پێشڕەو}........ 1970 - 1995/11/2

7/ تۆفیق محەمەد ئەمین {سەفین}........ 1970 - 1995/11/2

8/ غازی رەشید حەمەدەئەمین {دارا}..... 1969 - 1995/11/2

9/ خەسرۆ ستار............................. 1968 – 1995/11/2

10/ ئیسماعیل مراد {شێرزاد}........... 1967 - 1995/11/2

11/ کاوە ئەحمەد رەشید................... 1966 - 1995/11/2

12/ فارس حەسەن سووسەیی.......... (......)- 1995/11/2